# جەماوەری گەڕەکی ڕەحیم ئاوا لەشاری کەرکوك دژ بە تیرۆری هێزەکانی ئەمریکا خۆپیشاندانیان کرد

سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 2006/2/12 دەستەی داکۆکی لە داخوازی‌یەکانی جەماوەری شاری کەرکوك خۆپیشاندانێکی سازدا لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوا دژ بەو کارە تیرۆریستیەی کە هێزەکانی ئەمریکا لەو گەڕەکەدا پیادەیان کردبوو لە رۆژی 2006/2/7دا. کە لە ئەنجامدا بوە هۆی گیان لە دەست دانی دوو هاوڵاتی مەدەنیو بێ دیفاع بە ناوی" نیزام قادر محەمەد، خالد مەحمود نادر"ەوە. هەر لە سەرەتای خۆپیشاندانەکەوە خەڵك بە گەرمی پێشوازیان لێ کردو پەیوەست بوون پێوەیو لە چەند ساتێکی کەمدا سەدان کەس ڕژانە سەر جادەو ڕیزی خۆپیشاندانەکەیان بەهێزتر کرد. لە سەرەتای خۆپیشاندانەکەوە ڕەمەزان سابیر وتەیەکی پێشکەش بە خۆپیشانەران کرد کە تیایدا تەئکیدی لە سەر ئەوە کرد کە دەبێ درێژە بەخۆپیشاندان بدرێ تاکو وەڵام بە خواستەکانمان دەدەنەوە هاوکات محمد عزیز بەیاننامەی دەستەی داکۆکی لە نێو خۆپیشاندەراندا بڵاو کردەوە پاشان کەس وکاری قوربانیانی ئەو کارەساتە قسەیان بۆ خۆپیشاندەران کردو پشتیوانی خۆیان لە خۆپیشاندانەکە دەربڕی پاشان ئازاد مجید وتەیەکی پێشکەش بە خۆپیشاندەران کردو تیایدا تەئکیدی لە سەر ئەوەکرد کە تاکە ڕێگە چارە لە بەردەم ئێمە دا بۆ بەدی هێنانی خواستەکانمان تەنها هاتنە مەیدان ویەکگرتنی ڕیزەکانمانە. پاشان بڕیار لەسەر ئەوە درا کە خۆپیشاندەران بچن بۆ قونسلیەی ئەمریکا لەوێ نوێنەرەکان خۆیان دیاری بکەن و بچێ لەگەڵ قونسولی ئەمریکا قسە بکا. پاشان لە بەردەم قونسڵی ئەمریکا نوێنەران دیاریکران کە بریتی بوون لە: ڕەمەزان سابیر ــ محمد عزیز ــ کاروان ــ ئاسۆ ــ هیوا ئەسعەد .



نوێنەرکان لەگەڵ گیڤن مایکڵ قونسڵی ئەمریکا لە کەرکوكو ڕزگار علی سەرۆکی شارەوانی کەرکوك کۆبوونەوە لەوێدا یاداشتنامە یەکیان دا بە نوێنەری ئەمریکا کە ئەم خاڵانە تێدا بوو :

1) ئاشکرا کردنی بکوژانی ئەم دوو کەسە .
2) دادگایی کردنی بکوژانی ئەو دوو کەسە .
3) قەرەبوو کردنەوەی خەسارەتی کەس وکاری قوربانیان .
4) داوای بوردن لە خەڵکی ڕەحیم ئاوا لە لایەن ئەمریکاوە .
5) دووبارە نەبوونەوەی کارەساتی لەم جۆرە .

قونسلی ئەمریکا لەو دانیشتنەدا بەڵێنی دا کە سەرجەم ئەو خواستانە جێ بەجێ بکا. وەڕزگار عەلی قسەی لە سەر ئەوەکرد کە پێنج نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگا ئامادەی جەلەسەکانی دادگایی کردنی ئەم کەسانە ئەبن کە ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە وە نوێنەرایەنی ئەم خۆپیشاندانە بابێنە پارێزگا تاکو لەگەڵ ئەو نوێنەرانەی ئەنجومەنی پارێزگا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بگرن وئاگاداری چۆنێتی دادگایی کردن بن .



دوا بەدوای ئەم دانشتنە نوێنەرانە ئەنجامی دانشتنەکەیان بە خۆپیشاندەران ڕاگەیاند و خۆپیشاندانەکە سەرکەوتوانە لە نێو شۆڕ وشەوقی جەماوەردا کۆتایی پیێ هات .

شایەنی باسە چەندین کەناڵی تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆیی محەلی وفەزائی ئامادەی خۆپیشاندانەکەبو و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندانەکەدا کرد .

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق**

**کۆمیتەی کەرکوك**

2006/2/12